# ڕاگەیاندن سەبارەت بە هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی ساڵی ٢٠٢٢

خزمەتگوزاریە نوێکراوەکانی کۆمەڵایەتی و تەندورستی (نوێکاریەکانی سۆتێ) لە ٢٠٢٣/١/١ دەست بە کار دەکەن. لە نوێکاریەکەدا خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی و تەندورستی و هەروەها فریاکەوتنەوە لە شارەوانیەکانەوە دەکرێن بەرپرسیاریی ٢١ هەرێمی خۆشگوزەرانی. بەڵام شاری هێلسینکی هەرێمی خۆشگوزەرانی نیە و سەربە هیچ هەرێمێکی خۆشگوزەرانی نیە و بەخۆی خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵایەتی و تەندورستی و فریاکەوتنەوە پێشکەش دەکات.

هەرێمە خۆشگوزەرانیەکان هەندێک دەزگای حکومیی سەربەخۆن لە شارەوانیەکان و دەوڵەتەوە و لە هەرێمەکانی خۆیان ئۆتۆنۆمین. زۆرینەی هەرێمە خۆشگوزەرانیەکان بریتین لە پارێزگاکانی ئێستا. بەڵام لە پارێزگای ئووسیما چوار هەرێمی خۆشگوزەرانی هەن.

لە هەر هەرێمێکی خۆشگوزەرانی بەرزترین دامودەزگای بڕیاردەر ئەنجومەنی هەرێمیە کە لەلایەن دانیشتووەکانەوە هەڵدەبژێردرێت. ئەندامەکانی ئەنجومەنەکان واتە نوێنەرەکان لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا هەڵدەبژێردرێن.
یەکەمین هەڵبژاردنە هەرێمیەکانی **یەکشەمە ٢٠٢٢/١/٢٣** ساز دەکرێن. خولی ئەو ئەنجومەنە هەرێمیانە ئازاری ٢٠٢٢ دەستی پێ دەکات و ئایاری ٢٠٢٥ کۆتایی پێ دێت. لە ساڵی ٢٠٢٥وە هەڵبژاردنە هەرێمیەکان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنە شارەوانیەکان ساز دەکرێن.

لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا هەموو هاوڵاتیەکی فینلەندا کە تەمەنی بووبێتە هەژدە ساڵ و هەروەها بە هەندێک مەرج هەروەها هاوڵاتیەکانی بیانیش کە لە فینلەندا دەژین.

دەنگدان لە فینلەندا دڵخوازانەیە.

لە شاری هێلسینکی و لە پارێزگای ئاهڤێنانما (ئۆلاند) هەڵبژاردنە هەرێمیەکان ساز ناکرێن.

## مافی دەنگدان – کێ دەتوانێت دەنگ بدات

مافت هەیە لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا دەنگ بدەیت ئەگەر هاوڵاتیی فینلەندا یان وڵاتێکی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا، ئیزلەندا یان نۆرویج بیت و ئەم هەلومەرجانە بەدی بێنیت:

- تا ڕۆژی هەڵبژاردنەکان (٢٠٢٢/١/٢٣) بووبێت بە ١٨ ساڵ
- شاری ماڵەکەت شارێکی سەربە هەرێمێکی خۆشگوزەرانی بێت لە ٢٠٢١/١٢/٣

ئەگەر هاوڵاتیی وڵاتێکی دیکە بیت، مافی هەیە لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا دەنگ بدەیت ئەگەر:

- تا ڕۆژی هەڵبژاردنەکان (٢٠٢٢/١/٢٣) بووبێت بە ١٨ ساڵ
- شاری ماڵەکەت شارێکی سەربە هەرێمێکی خۆشگوزەرانی بێت لە ٢٠٢١/١٢/٣
- بە فەرمی دانیشتووی شارێکی فینلەندا بووبێت بەلای کەمەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەرلە ٢٠٢١/١٢/٣

شاری ماڵ لە پاسای شاری ماڵدا دیاری کراوە. لە زۆربنەی حاڵەتدا شاری ماڵ ئەو شارەیە کە لێی دەژیت. شاری ماڵەکەت ئەوەش دیاری دەکات کە سەربە چی هەرێمێکی خۆشگوزەرانیت واتە لە چی هەرێمێک مافی دەنگدانت هەیە. لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا دەتوانیت تەنیا بە بەربژارێکی هەرێمەکەت بدەیت.

لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٢دا شاری ماڵەکەت ئەوەیە کە لەسەر تۆماری زانیاریەکانی دانیشتووان ٢٠٢١/١٢/٣ کاتژمێر ٢٤ بۆت تۆمار کراوە.

ئەگەر پێویست بێت، دەتوانیت لە فەرمانگەی دیجیتاڵ و زانیاریەکانی دانیشتووان پرسیار بکەیت.

## ڕاگەیاندنی مافی دەنگدان بۆ هەموو مافدارێکی دەنگدان دەنێردرێت

فەرمانگەی دیجیتاڵ و زانیاریەکانی دانیشتووان تۆمارێکی هەیە کە زانیاریەکانی هەموو مافدارەکانی دەنگدانی تێدایە. پێویست نیە بەخۆت ناوی خۆت بە تۆمارەکە ڕابگەیێنیت.

فەرمانگەی دیجیتاڵ و زانیاریەکانی دانیشتووان تا ڕۆژی **٢٠٢١/١٢/٣٠** ڕاگەیاندنی مافی دەنگدان بۆ هەموو مافدارەکانی دەنگدان دەنێرێت کە ناونیشانیان بزانرێت. ڕاگەیاندنەکە بە ئەلەکترۆنیکی بۆت دێت ئەگەر خزمەتەکەی ئەلەکترۆنیکیی فەرمانگەی دیجیتاڵ و زانیاریەکانی دانیشتووانت چالاک کردبێت واتە پەیامەکانی Suomi.fi (زانیاریەکانی زیاتر لە ناونیشانی www.suomi.fi/viestit)

لە ڕاگەیاندنەوەکەدا ڕێنماییەکانی دەنگدان، شوێنی دەنگدانت لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، زانیاری سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەنجومەنە هەرێمیەکان و لیستەی شوێنەکانی دەنگدانی پێشوەخت لە نزیک شوێنی نیشتەجێبوونت. پێویست نیە ڕاگەیاندنەکە لەگەڵ خۆت بێنیت بۆ دەنگدان بەڵام ناسنامەت پێویستە.

## شایەستەیی بۆ هەڵبژاردن – کێ مافی هەیە ببێت بە بەربژار

بۆ هەڵبژاردن شایەستەیت واتە دەتوانیت خۆت بکەیت بە بەربژار یان کاندید لە هەرێمەکەت ئەگەر ئەم شەرتانە بەدی بێنیت:

- شاری ماڵەکەت سەربەو هەرێمە خۆشگوزەرانیە کە دەتەوێت بۆ ئەنجومەنەکەی خۆت بکەت بە بەربژار
- مافی دەنگدانت هەیە لە هەرێمێکی خۆشگوزەرانی
- بە بڕیارێکی دادگا دەسەڵاتەکانت لێت نەسێندراون.

لە پاسای هەرێمە خۆشگوزەرانیەکاندا هەندێک کارمەندی دەوڵەت و کارمەندە سەرەکیەکانی هەرێمەکان دیاری کراون کە مافیان نیە لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا ببەن بە کاندید.

## کاندیدکردن لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا

لە هەڵبژاردنە هەرێمیەکاندا ئەم لایانە مافی دیاریکردنی کاندیدەکانیان هەیە

- حیزبە تۆمارکراوەکان
- مافدارەکانی دەنگدان کە ڕێکخراوێکی هەڵبژاردنیان دامەزراندبێت.

حیزبەکان بەپێی پەیرەوەکانی خۆیان بڕیار لەسەر کاندیدەکانیان دەدەن. ئەگەر بتەوێت ببیت بە کاندیدێکی حیزبێک، دەبێت لەگەڵ ئەو حیزبە ڕێکبکەویت لەسەر بابەتەکە.

بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی هەڵبژاردن پێویستی بەلای کەمەوە بە ٥٠ دانیشتووی مافداری دەنگدانی هەرێمێکی خۆشگوزەرانی هەیە.

دوو یان زیاتر حیزب بۆیان هەیە هاوپەیمانیەکی هەڵبژاردن دورست بکەن. دوو یان زیاتر ڕێکخراوی هەڵبژاردن بۆیان هەیە لیستەیەکی هاوبەش دورست بکەن.

هەر هی_زیبێک، هاوپەیمانیەک یان لیستەیەکی هاوبەش بۆیان هەیە بەلای زۆرەوە ١،٢٥ بەقەد ژمارەی نوێنەرەکانی کە هەڵبژێردرێن بیکەن بە کاندید. بۆ هەر ئەنجومەنێک بەپێی ژمارەی دانیشتووەکانی هەر هەرێمێک ٥٩ تا ٧٩ نوێنەر هەڵدەبژێردرێن.

هەر کاندیدێک ژمارەی خۆی هەیە. لیستەیەکی کاندیدەکان چاپ و بڵاو دەکرێتەوە کە کاندیدەکان بەپێی ژمارەکانیان ڕیز کراون لە ژمارەی ٢وەوە. کاندیدەکان بەپێی حیزبەکان و لیستەکانی هاوبەش ڕیزکراون. سەبارەت بە هەر کاندیدێک ئەم زانیاریانە هەن: ناو، ژمارەی کاندید و پایە/پیشە/کارەکەی و شاری ماڵەکەی. هەروەها لەسەر لیستەکە دیاری کراوە کە

- چی حیزبێک هاوپەیمانی هەڵبژاردنیان دورست کردووە
- چی ڕێکخراوێکی هەڵبژاردن لیستەیەکی هاوبەشیان دورست کردووە
- چی حیزبێک سەربە هیچ هاوپەیمانیەکی هەڵبژاردن نیە
- کێ کاندیدێک بەربژاری دەرەوەی لیستەی هاوبەشە.

لیستەکانی کاندیدەکان لە هەموو هەرێمە خۆشگوزەرانیەکان ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/٢٣ ئامادە دەکرێن. لیستەی هەرێمە خۆشگوزەرانیەکەت لە شوێنەکانی دەنگدان و لەسەر ماڵپەری وەزارەتی داد دەبینرێت (www.vaalit.fi)
ئەگەر بە پێشوەخت دەنگ بدەیت لە شوێنێکی دەرەوەی هەرێمی خۆت، داوا لە کارمەندی هەڵبژاردن بکە نامیلکەی کاندیدەکان پیشانت بدات کە زانیاریەکانی هەموو کاندیدەکانی هەموو هەرێمێک لەسەر نووسراون.

## کاتەکانی دەنگدان

دەتوانیت ڕۆژی هەڵبژاردن یەکشەمە ٢٠٢٢/١/٢٣ یان لە کاتی دەنگدانی پێشوەختدا دەنگ بدەیت. دەتوانیت تەنیا جارێک دەنگ بدەیت. دەنگدانی دووجاری بەپێی یاسا تاوانە و سزا دەدرێت.

**دەنگدانی پێشوەخت:**

دەنگدانی پێشوەخت **چوارشەمە ٢٠٢٢/١/١٢** دەست پێ دەکات.

دەنگدانی پێشوەخت لە دەرەوەی وڵات **شەمە ٢٠٢٢/١/١٥** و لە فینلەندا **سێشەمە ٢٠٢١/١/١٨** کۆتایی پێ دێت. لە هەندێک شوێنی دەنگدان کاتی دەنگدان کورتترە.

دەتوانیت لە هەر شوێنێکی دەنگدانی پێشوەخت لە فینلەندا یان لە دەرەوەی وڵات دەنگ بدەیت. شوێنەکانی دەنگدانی پێشوەخت ئەمانەن

- لە فینلەندا شوێنەکانی دەنگدانی پێشوەخت کە شارەوانیەکان دیاری کردوون، بە تایبەتی فەرمانگاکانی شارەوانیەکان
- زۆرینەی باڵیۆزخانەی فینلەندا لە دەرەوەی وڵات
- دەزگاکان، وەکوو نەخۆشخانەکان، بنکەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و زیندانەکان.
لە دەزگاکان مافی تەنیا ئەو کەسانە دەنگ دەدەن لەو شوێنانە بەخێو دەکرێن یان دەستگیر کراون.
- کەشتیەکانی فینلەندی کە کاتی دەنگدانەوە لە دەرەوەی وڵاتن. لە کەشتیەکاندا تەنیا کرێکارەکانیان مافی دەنگدانیان هەیە، گەشتیارەکان نابێت لە کەشتیدا دەنگ بدەن.

**دەنگدانی ڕۆژی هەڵبژاردن:**

دەنگدانی ڕۆژی هەڵبژاردن **یەکشەمە ٢٠٢٢/٢٣٧١ کاتژمێر ٩ تا ٢٠** دەکرێت.

ڕۆژی هەڵبژاردن دەتوانیت تەنیا دەنگ لەو شوێنە بدەیت کە بۆت لەسەر ڕاگەیاندنی دەنگدانەوە دیاری کراوە.

**دەنگدانی لە ماڵەوە:**

ئەگەر توانای هاتوچۆت ئەوەندە بە توندی لاواز بووبێت کە نەتوانیت تا شوێنی دەنگدانەوە بێیت، مافت هەیە لە ماڵەوە لە کاتی دەنگدانی پێشوەختدا دەنگ بدەیت.

بۆ دەنگدانەوەی لەماڵەوە دەبێت بەرلە **سێشەمە ٢٠٢٢/١/١١** کاتژمێر ١٦ خۆت بنووسیت. دەبێت بە لێژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەکەت ڕابگەیێنیت کە زانیاریەکانیان لەسەر ڕاگەیاندنەوەی دەنگدانەوەن. ئەگەر بەخێوکەری ئەو کەسەش لە هەمان ماڵدا بژیت لە هەندێک هەلومەرجدا ئەویش مافی هەیە لە ماڵەوە دەنگ بدات.

**دەنگدانی بە نامە:**

ئەگەر لە سەرجەم کاتی دەنگدانی پێشوەخت و ڕۆژی هەڵبژاردن لە دەرەوەی وڵات بیت، مافت هەیە بە نامە دەنگ بدەیت. بەمەبەستی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە، دەبێت داوابکرێت لەخزمەتگوزاری داواکردنی سەر بەوەزارەتی دادەوە پێداویستییەکانی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە بۆ ناونیشانێک کە لەدەرەوەی ووڵات دایە ڕەوانە بکرێت. دەتوانرێت لەپێشوەخترین کاتدا سێ مانگ بەر لەڕۆژی دەنگدان داوای پێداویستییەکان بکرێت. وەک کەسێک کەمافی دەنگدانت هەیە، خوودی خۆت بەرپرسیاریت لەوەی بەڵگەکانی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە پێشوەخت داوابکەیت بەجۆرێک، کەلەنێو ماوەی دیاریکراو بەپێی یاسای هەڵبژاردندا وە لەڕێگەی زەرفی ڕەوانەکردنەوەوە فریای گەڕاندنەوەی نامەی دەنگدانەکە بۆ لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەوانییەکەت بکەویت.

## ئەوها دەنگ دەدەیت

دەنگدانی پێشوەخت و ڕۆژی هەڵبژاردن لەبنکەی دەنگداندا بەڕێوەدەبرێت. دەتوانیت تەنها دەنگ بەیەک بەربژێری سەر لیستی یەکخراوی بەربژێرەکانی شارەوانییەکەت، کە دیاریکراون بدەیت.

١) **کەسایەتیت بۆ کارمەندی هەڵبژاردن بسەلمێنە** واتە پاسپۆرت، کارتی پێناس، کارتی شۆفێری یاخود بەڵگەنامەیەکی دیکەی بەراووردکراو بەوانە نیشان بدە. کارمەندی هەڵبژاردن کارتی دەنگدانت ڕادەست دەکات.

٢) **بڕۆ بۆ نێو کابینەی دەنگدان.** لەهەر جارێکدا لەنێو کابینەی دەنگداندا دەکرێت تەنیا یەک دەنگدەر هەبێت.

٣) **لەسەر کارتی دەنگدان ژمارەی ئەو بەربژێرە دەستنیشان بکە، کە دەتەوێت دەنگی پێبدەیت.** دەتوانیت تەنها دەنگ بە یەک بەربژێر بدەیت. لەسەر ئەو بازنەیەی کە لەنێو دیوی ناوەوەی کارتی دەنگدانەکەدا هەیە ژمارەی بەربژێر دابنێ. هیچ جۆرە هێمایەکی دیکە لەسەر کارتی دەنگدان مەکێشە. کارتی دەنگدانەکە بنووشتێنەرەوە بەجۆرێک، کە ژمارەی دەستنیشان لەنێو دیوی ناوەوەی نووشتێنراوەکەدا دەمێنێتەوە و لەدیوی دەرەوە نابیندرێت.

٤) **کارتی دەنگدانی داخراو بەنووشتێنراوەیی ڕادەستی کارمەندی هەڵبژاردن بکە.** کارمەندی هەڵبژاردن کارتی دەنگدانەکە مۆردەکات.

٥ ئا) ئەگەر لەڕۆژی هەڵبژاردندا دەنگ دەدەیت، **کارتی دەنگدان بەمۆرکراوی بهاوێژە نێو سندوقی دەنگدانەوە.**

٥ ب) ئەگەر لەدەنگدانی پێشوەختدا دەنگ دەدەیت، **کارمەندی هەڵبژاردن زەرفێکی نامەت پێ دەدات کە کارتی دەنگدانە مۆرکراوەکەی تێدەکەیت و دایدەخەیت.**

ئەگەر توانایت لەدەستنیشانکردنی ژمارەی بەربژێر لەسەر کارتی دەنگدان بەشێوەیەکی بەرچاوو لاوازبووە، دەتوانیت لەدەنگداندا بەمەبەستی یارمەتیدانت سوود لەیاریدەدەر یاخود بەڕێوەبەری هەڵبژاردن ببینیت. یاریدەدەر نابێت خوودی خۆی لەهەڵبژاردندا بەربژێر بێت وە ناشبێت کەسی نزیکی بەربژێر بێت. یاریدەدەر ئەرکییەتی نهێنی دەنگدان بەنەدرکێندراوی بهێڵێتەوە واتە ئەو زانیاریانەی هاوکات لەکاتی دەنگداندا بەدەستیان هێناوە بەنهێنی بهێڵێتەوە.

## زانیاریی زیاتر

• زانیاریی زیاتر سەبارەت بەهەڵبژاردنەکان لەلایەن لیژنەی ناوەندیی هەڵبژاردنی شارەوانییەوە دەدرێن.
فەرمانگەی زانیاری دانیشتوان و دیجیتاڵی لەبارەی پرسیاری سەبارەت بەمافی دەنگدانی تاک وەڵامدەرەوە دەبێت.
زانیاریەکانی پەیوەندیکردنی هەردوو لایەن لەسەر کارتی ئاگادارکردنەوە لەمافی دەنگدان بەدی دەکرێن.

• ناونیشان و کاتی کراوەیی بنکەکانی دەنگدانی پێشوەخت، ڕێنوێنی داواکردنی دەنگدان لەڕێگەی نامەوە، زانیاری لەبارەی بەربژێرەکانەوە هەروەها زانیاری دیکە لەبارەی هەڵبژاردنەوە لەسەر ماڵپەڕی هەڵبژاردنی سەر بەوەزارەتی دادەوە بەدی دەکرێت لە ناونیشانی **www.vaalit.fi**

• لەسەر ماڵپەڕی هەڵبژاردنی سەر بەوەزارەتی دادەوە زانیاری سەبارەت بەبەربژێرەکان لەپاش بەرواری ٢٠٢١\١٢\٢٣وە هەروەها زانیاریش لەبارەی بنکەکانی دەنگدانی پێشوەخت لەپاش بەرواری ٢٠٢١/١١/٥وە بەدی دەکرێن.

فەرمانگەی دیژیتاڵ و زانیاریەکانی دانیشتووان ٢٠٢١/١٠/١٢